# ئێران و خۆپیشاندانەکانی عێراق

14-11-2019

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : رووداوەکانی ئێستای عێراق لە نزیکەوە پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە. چونکە دەتوانن کاریگەری لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی و دۆخی ناوخۆیی ئەو وڵاتەش دانێن. بەڵام ئەو کاریگەرییە چۆنە و دەتوانن چ ئەنجامێکیان بۆ هەرێمی کوردستان لێبکەوێتەوە؟

زریان رۆژهەڵاتی |

ڕووداوەکانی ئێستای عێراق لە نزیکەوە پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە. چونکە دەتوانن کاریگەری لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی و دۆخی ناوخۆیی ئەو وڵاتەش دانێن. بەڵام ئەو کاریگەرییە چۆنە و دەتوانن چ ئەنجامێکیان بۆ هەرێمی کوردستان لێبکەوێتەوە؟

**دیدگای ئێران بۆ خۆپیشاندانەکان**

بەرپرسانی ئێران خۆپیشاندانەکانی شەپۆلی یەکەمی "بەهاری عەرەبی"یان وەك هۆشیاریی ئیسلامیی گەلانی ناوچەکە سەیر دەکرد و ناڕەزاییەکانی ئێستای لوبنان و عێراقیش وەك فیتنە! ئەمە بەشێوەی جیاجیا لەلایەن هەندێك لەو هێزانەشەوە دووبارە دەکرێتەوە کە بە هاوپەیمانی ئێران ناسراون. بێشك لەپەنای هەریەك لەو چەمکانەشدا کۆمەڵێك بەرژەوەندی و حیسابی سیاسی و جیۆپۆلیتیکی شاراوەیە. هەرچەندە شەپۆلی یەکەمی "بەهاری عەرەبی" هەتا ناوچەکانی باشووری دنیای ئیسلامی- عەرەبی شۆڕ بووەوە، بەڵام گۆڕانە جەوهەرییەکەی لە بەشی ئەفریقا و ناوچەی سوننەنشین بوو نەك شوێنی دیکە. ئەمساڵیش زنجیرەیەك ناڕەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەری سودان، جەزائیر، میسر لوبنان و عێراقیان هەژاند کە دەکرێ بە شەپۆلی دووەمی بەهاری عەرەبی ناوببرێن، بەڵام تا ئێستا وا دیارە کە ئەمجارە قورسایی هەژانەکە زیاتر لە جوگرافیای شیعەنیشدایە و ئەمەش ڕێك ئەو هۆکارەیە کە وادەکات بەرپرسانی تاران وەك فیتنە و دەستوەردانی دەرەکی سەیری ڕووداوەکانی عێراق بکەن.

ئاماژە و زانیارییەکی بەهێز لەبەردەستدا نین کە بۆچوونی بەرپرسانی ئێرانی سەبارەت بە هەبوونی دەستی دەرەکی لەپشت خۆپیشاندانەکانی عێراقەوە پشتڕاست بکەنەوە. نە ئەمریکا نە ئیسرائیل و نە سعودیش پێگەیەکی جەماوەریی وایان نییە کە بتوانن خۆپیشاندانی پێ بجوڵێنن. ئەگەر وابووایە پێکهاتەی دەسەڵات و دۆخی حوکمڕانی بەجۆرێك نەدەبوو کە بە قازانجی تاران بێت. هەڵبەت خۆپیشاندانەکان دەتوانن فاکتەرێکی یاریگۆڕ بن بۆ ئەو نەزمە سیاسییەی کە لەدوای سەدامەوە لە عێراق درووستبووە و بە زۆری بەلای ئێراندا شکاوەتەوە.

خۆپیشاندانەکان بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و سعودیەش هەم دەرفەتن هەم تەگەرە! بێشك سوودی خۆپیشاندانەکان بۆ باڵانسکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق هەتا ئەو کاتەیە کە سەقامگیریی تێکنەدات و زەمینەی دەرکەوتنەوەی تیرۆر نەڕەخسێنێ. لەوانەیە ناڕەزایی خۆپیشاندەرانی عێراقی لە ئێران، بەکەڵك بێت بۆ باڵانسکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران، بەڵام کاتێك ڕووداوەکان بگەنە ئاستی تێکچوونی سەقامگیری و بۆشایی دەسەڵات، ئەمە دەتوانێت زیانی  بۆ ئەو سێ دەوڵەتەش هەبێت. ئەگەر ڕێگرتن لە نفووزی ئێران بە بەهای دەرکەوتنی داعشێکی تازە، شەڕی ناوخۆیی یان تەشەنەکردنی بۆ هەندێك لە وڵاتانی کەنداو بێت، ئەوا بێشك لە قازانجیان نابێت.

**بۆچی ئێران زیانمەندی خۆپیشاندانەکانی عێراقە؟**

شەڕی 2003 ڕکابەرێکی گەورەی ناوچەیی لە کۆڵی ئێران کردەوە و کشانەوەکەی 2011ی ئەمریکاش مەیدانی عێراقی بۆ تاران چۆڵکرد. کەم کەسیش لاری هەیە لەوەی کە لەو وەختەشەوە، ئێران براوەی یەکەمی گۆڕانکارییەکانی سیاسەت و پێکهاتەی حوکمڕانیی عێراق بووە. عێراق و ئێران دوو دراوسێی یەکن کە ئەزموونێکی درێژی ڕکابەریی یەکتریشیان هەیە. لەدوای سەدامەوە هەموو هەوڵێکی ئێران بۆ ئەوە بووە کە سیستەمێکی ناوەندیی بەهێز لێرە دروست نەبێتەوە. چونکە سەرەڕای هاوبەشیی مەزهەبیی تاران لەگەڵ حکومەتی بەغدا، هیچ گەرەنتییەك نییە کە بەغدا لەدوای چارەسەرکردنی گرفتەکانی، وردە وردە لە تاران هەڵنەگەڕێتەوە. ڕەنگە تۆزێك ئاڵۆز بێتە پێشچاو، بەڵام ئێران لە ڕیزی یەکەمین وڵاتەکاندا بووە کە کونسوڵخانەی لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە و پاڵپشتی لە لامەرکەزییەتی عێراق کردووە. بێشك ئەمەش لەبەرخاتری کورد یان دیموکراسی نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە سەدامێکی دیکەی لێ ڕاست نەبێتەوە.

یەکێك لە دیمەنە بەرچاوەکانی خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەر، زۆربوونی ئاڵای عێراقە. لە کەوانەیەکدا ئەوەش بڵێم ئەمە ئەو شتەیە کە لە خۆپیشاندانەکانی 2011ی هەرێمی کوردستاندا نادیار بوو. ئەم دیمەنە حەکایەتی بەهێزبوونی ناسیۆنالیزم لەنێو خۆپیشاندەران و جەماوەری شیعەی عێراقدا دەگێڕێتەوە. ڕووکردنە نەتەوە لە جیاتی مەزهەب و دروشمی "وڵاتێکمان دەوێت" پێچەوانەی ئەو سیاسەتەیە کە لەجیاتی نەتەوە، جەخت لە هاوبەشیی مەزهەبی دەکاتەوە. بێشك هەر حکومەت و سیستەمێکی سیاسی کە بە ئاراستەی ئەم داواکارییەی خۆپیشاندەران درووستبێت، یان ئەگەر هەر ئەوەی ئێستا بەو ئاراستەیە بڕوات، هەژموونی ئێران لەسەر عێراق کەمتر دەکات. عەلی خامنەیی، ڕابەری ئێران ماوەیەك بەر لە ئێستا جەختی لە درێژەپێدانی سیاسەتەکانیان لە "جوگرافیای بەرگری" کردبوو کە دەکرێ لانیکەم ئاماژەیەك بێت بۆ عێراق و سووریا و لوبنان. بەڵام دۆخی ئێستای سووریا لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی عێراق و لوبنانیش، نفووزی

ناوچەیی ئێرانیان هێناوەتە خاڵێکی وەرچەرخان کە پێدەچێت سەرەتایەك بۆ کەمبوونەوەی بێت. ئەمەش لە کاتێکدا کە کێشەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی خەریکە قووڵتر دەبێتەوە، بۆ تاران هەواڵێکی ناخۆشە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە لە ئەگەری دەرکەوتنی جەنگی ناوخۆیی شیعە- شیعە بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە، ئێران پێگەی خۆی وەك مەرجەعێکی کۆکەرەوەی شیعەکانی جیهان لەدەستدەدات و بە ئەگەری زۆر ناکۆکییە ئاست نزمەکانی حەوزەی نەجەف و حەوزەی قوم کە بەردەوام هەبوون، دەگەنە ئاستێکی بەرزتر. بۆیە تا ئەو ساتەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر عێراق رەهەندێکی مەزهەبیی هەبێت، جەنگی ناوخۆیی شیعی ـشیعی لانیکەم لەم وەختەی ئێستادا بە قازانجی تاران نییە.

بابەتێکی دیکە کە تارانی نیگەران کردووە، ئەگەری کاریگەریی دۆمینەیی رووداوەکانی عێراقە لەسەر ئێران. خراپیی دۆخی ئابووری و زیادبوونی ململانێی ناوخۆیی باڵەکانی دەسەڵات و هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ساڵی داهاتوو کە چاوەڕوانیی کێشمەکێشی زیاتری لایەنەکان دەکرێت، پۆتانسیێلی دەرکەوتنەوەی ناڕەزایی و خۆپیشاندانیان تێدایە و بەردەوامیی رووداوەکانی عێراقیش دەتوانێت رۆڵی کاتالیزۆرێکی بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو ناڕەزاییانەی ناوخۆی ئێران هەبێت. بۆیە خواستی تاران ئەوەیە هەرچی زووترە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکانی عێراق بێت.

**ئەنجام**

هێشتا روون نییە خۆپیشاندانەکان چی لە سیستەمی سیاسیی عێراق دەکات. بەڵام ئەوە روونە کە دەرچوون لەم دۆخەی ئێستا بە قازانجی ئێران نابێت. لە ئاستی نێودەوڵەتی درزی نفووزە ناوچەییەکەی زیاتر دەکات و ئەگەری دەرکەوتنی ناڕەزایی ناوخۆییشی بۆ زیاتر دەکات. ئەگەر عێراق بەهێز ببێتەوە، یان لانیکەم هەژموونی ئێرانی تێدا لاواز بێت و ئەگەر بەهۆی رووداوەکانی عێراقەوە دۆخی ناوخۆی ئێران بشڵەقێ، ئەوسا تاران زیاتر ناچاری هەرێمی کوردستان دەبێت. ئەمە دەرفەتە بۆ هەرێمی کوردستان تا گۆڕانێك لە پەیوەندییە ناهاوسەنگەکەی خۆی لەگەڵ ئێران درووستبکات. بێشك هەرێمی کوردستان دەبێ پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتە جیاوازەکاندا هەبێت، بەڵام دەبێ سوود لە هەموو دەرفەتێکیش وەربگرێت بۆ ئەوەی بناغەی دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکات.